# زامی هەڵەبجە!

هەڵەبجە، شاری شەهیدوزامداری کورد
مەڵبەندەکەی خەبات وخوێن،
تۆ لە چاومانا فرمێسکی ، گریانی
زامی کولاوەی سەردڵمانی.
تۆ تێشووی ڕێی ئازادیتو..
هەموو ساڵێ بەزیندوویی لەگەڵمانی.
تۆنامری ، هەردە مێنی ،
پشتیوانی بەردەوامی هەژارانی.
نەفرەت لەوانەی، کە ویستیان
بلخ وکانی وباڵندەی جوان،
لەم دەڤەرە لەناو بەرن.
نەفرەت لەوانەی، کە پێیان وابوو
مناڵانی چاوزیت وگەش،
تاوانباری جەنگ و شەڕن.
چ ویژدانێ ئەمەی سەلماند؟
کەوا شاریان شەهید کردوو
تۆوی مەرگیان بەسەرا باراند!
ئێمە هەموو لەگەڵتانین،
چرای هیوامان گەش و ڕوونە،
تیمارکەری زامی قوڵی سەردڵتانین.

www.kurdistannet.org

قەت نەهێڵین جارێکی دی،
شار و گەڕەک و شەقامت،
شاهیدی مەرگی بەناهەقێ.
قەت نا هێڵین جارێکی دی،
زۆرداران و خوێن مژانت
لە کۆچی مەرگا ڕزگاریان بێ.
خوێنی ئێوە، مەرگی ئێوە
مەشخەڵی ڕێگەی خەباتمانە،
گوڵی هیوای سەر بەستی یەو،
نەمامی ئازادی وولاتمانە.

**جەلال خۆشکەلام**
**2004-03-16**

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org